شۆڕش
دوورەی دووهەم، ژمارە( ٤٥ ). نیوەی یەکەمی خاکەلێوەی ١٣٨٤ — ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران



بەشی دووهەم و کۆتایی

# "پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە"
# لە وتوویژی "چاودێر" لەگەڵ
# هاوڕێ عەبدوڵڵا موهتەدی سکرتێری گشتیی کۆمەڵەدا

*خوێنەری ئازیز، ئەوەی دەی خوێننەوە درێژەی وتوویژێکە دەربارەی پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە کە هەفتەنامەی" چاودێر" لەگەڵ هاوڕێ عەبدوڵڵا موهتەدی بە ئەنجامی گەیاندووە. ئەمەی لێرەدا دەیخوێننەوە بەشی دووهەم وکۆتایی ئەم وتوویژەیە.*

- **کوردی ئێران وەك کوردی پارچەکانی تر، ناتوانێ بەتەنیا ئەو گۆڕانکاریە بکات، ئەگینا بۆ را پەڕینیش ئامادەیە، گەر بارودۆخەکە لەبار بێت، کوردی کوردستانی ئێران مەحتەلی هەلە.**
- **وشیاریەکی سیاسی هەیە، هەست دەکەیت خەڵك پێگەیشتووە و مافەکانی خۆیان ناسیوە، بەرچاویان روونە، دەزانن چیان دەوێت، لە پرۆسەی شۆڕشی پێشوی ئێراندا، لە پرۆسەیەکدا وردە وردە خەڵك هەستیان کرد چیان دەوێ، ئێستا لەرۆژی ئەوەڵەوە دەزانن چیان دەوێ، کەئەمە شتێکی گەورەیە،ئێستا کورد وەك جاران دەنگیان کپ ناکرێ و بێدەنگ ناکرێن و بێکەس کوژ ناکرێن، مەسەلەی ئەزموونی کوردستانی باشور تەئسیری گەورەی هەیە و پێیان وایە سەنگەرێکە لە خەباتی ئەوان کە ئاوەدان کراوەتەوە.**



*چاودێر: ئەوەی من بزانم بەدرێژایی مێژوو، ئۆپۆزسیۆنی ئێران جبهەیەکی یەکگرتوو و رادیکاڵی نەبووە، هەمیشە پەراکەندە بوون، چریکەکان بەلایەك، حیزبی دێموکرات بەلایەکی تردا، کوردە بەلایەکی تردا رۆیشتووە، ئیسلامییەکان بەلایەکداو موجاهیدین بۆ لایەکی تر، ئێستا سەڵتەنەتخوازەکان بەلایەکی تردا رۆیشتوون، چریکەکان بون بەچەندین چریك، چەپەکان بوون بەچەندین چەپ، هێزەکانی کوردستانی ئێران بووە بەچەندین هێز، ئێستا پەراکەندەتر لەجاران و، بەجەبهەیەکیش نییە.*

*عەبدوڵڵا موهتەدی:* نازانم بەکەی بڵێین جاران، نازانم، سەردەمی وا

هەبووە ئەوەندە پەراكەندە نەبووە.

***چاودێر: ئاخر هێزی کەم بوو.***

***عەبدوڵلا موهتەدی:*** ئاخر من پەراكەندە بەوە ناڵێم كەپلۆرالیزمی تێدا بێت، من ئەوە بەدیاردەیەكی سلبی نازانم لەئۆپۆزسیۆندا، پلۆرالیزم هەبێت شەرت نییە پێش لەدەسەڵاتدا پلورالیزم هەبێت، پێش دەسەڵاتیش پلۆرالیزم دەبێت، بەڵام دەبێت لەدەوری تەوەرەیەك كۆبنەوە، هەوڵ هەیە بۆ ئەوە.

***چاودێر: باشە وەك جەنابت باسی دەكەیت، برسێتیی و بێكاریی و ئەوانەی تۆ باس دەكەیت گەیشتبێتە بیناقاقای خەڵك، تازە كام هێزە سیاسیانە لەهەوڵی ئەوەدان بەڵكو یەكبگرن؟ شتیوا هەشبێ كەمە، ئەوانە لەئاستی ئازارەكانی خەڵكیشدا نین ئێستا؟!.***

***عەبدوڵلا موهتەدی: نەخێر*** نین، گەر وا نەبووایە وەزعیان وا نەدەبوو، بێگومان بەڵام خۆ لەو سەر كۆنەكردنە دەردێكمان دەرمان نابێت مەگەر ئەو دەرسەی لێوەرگرین، گەر سەردەمێكیش لەدەست چووە، زووتر قەرەبوو بكرێتەوە بۆیە من پێم وایە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بەچەپ و دێموكرات و لیبراڵ و بەهەموو ئەوانەوە جێی خۆیەتی لەدەوری بەرەیەكی فراوانی دیموكراسی یەكبگرن و یەكێتیەكیان هەبێ لەناو خۆیاندا، پێم وایە ئەگەر لەسەر پلاتفۆرمێكی ئاوا یەكبگرن، دەتوانن هەم سەرنجی خەڵكی ئێران و، رای گشتییەكەش و، هەم دەتوانن سەرنجی دنیای رۆژئاوا بۆ لای خۆیان رابكێشن.

***چاودێر: ئەم گۆڕانكاریانەی كەپرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە بەئێرانیشەوە، زیاتر كار لە چ رەوتێكی سیاسیی و وە رێبازێككی سیاسیی و كام ناوەندی سیاسی ئێران كاریگەر دەبێت و، زووتر كۆیان دەكاتەوە بۆ قبوڵ كردنی ئەم گۆڕانكاریە.***

***عەبدوڵلا موهتەدی:*** دەبووایە چەپەكان زووتر لەخەڵكیتر بەئاگا بێنەوە، ناو ماڵی خۆیان رێك و پێك بكەنەوەو بێن بەتەوەرێك بۆ كۆكردنەوەی هێزی پێشكەوتنخواز لەئێراندا، ئێستا من ئەوە بەدی ناكەم بەداخەوە، موجاهیدی خەڵق خاوەنی جێگە و پێگە و مەحبوبیەتێك نییە لەناو خەڵكی ئێراندا، یەعنی لەم رێگەیەوە كە لەناو جەماوەرەوە شت هەڵقوڵێ و ئەوان بێن بەشت، من زۆر بەزەحمەتی دەزانم.

***چاودێر: بەڵام دەتوانی نكوڵی لەوە بكەیت كەموجاهید یەكێكە لەهێزە بەهێزەكانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی.***

***عەبدوڵلا موهتەدی:*** نەخێر، بەڵام ئەگەر موجاهید لەناو دڵی خەڵكدا جێگەیەكی نییە، رێكخستنێكی ناوخۆی بەهێز، هێزێكی سەربازی بەهێز، دیسپلینی هەیە، باوەڕێكی نیوە ئاینی نیوە سیاسی دۆگمای هەیە، لەبەرئەوە شتێكی باشە هێزە خاریجییەكان بەكاریبهێنن ئامادەشە بۆ فرۆشتنی خۆی ئەگەر نرخی چاكی بدەنێ.

***چاودێر: دۆگمە یا تۆتالیتاریە؟***

***عەبدوڵلا موهتەدی:*** بڕوام وایە رابەری بوچكترین دۆگما نییە، بەڵام ریزەكانی دۆگماتیك بارن رابەریەكەی پراگماتیستە، بەنرخی رۆژ نان دەخوات، بەڵام بە زنجیری دۆگماتیزم ریزەكانی خۆی دەبەستێتەوە، بەهەرحاڵ من بەهێزێكی گۆڕانكاری دێموكراتی نازانم، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە كاتێك بێت لەدەستی دەوڵەتان و هێزەكانی دەرەوەدا.

***چاودێر: پێت وا نییە لەئێراندا كوردستان ئامادەتر بێت بۆ وەرگرتنی ئەو گۆڕانكاریانەی بەڕێوەن، بەحكومی ئەوەی عێراق وا لێهاتووە، ئەوە كوردستانی عێراق سەركەوتنی گەورەی بەدەست هێناوە، ئەمە پێت وا نییە بۆ كوردستانی ئێرانیش جۆش خواردنێك بەڕێوەیە؟***

***عەبدوڵلا موهتەدی:*** كوردی ئێران وەك كوردی پارچەكانی تر، ناتوانێ بەتەنیا ئەو گۆڕانكاریە بكات، ئەگینا بۆ راپەڕینیش ئامادەیە، گەر بارودۆخەكە لەبار بێت، واتا ئامادەی ئەوەی هەیە، دیاردەكان وامان نیشان دەدا، جموجوڵی سیاسی زۆرە لەكوردستانی ئێران، جموجوڵی رۆشنبیری زۆرە، هەر شتێكی بچوك دەكرێت بەبیانویەك بۆ ئامرازێك تا نارەزایی قوڵپ بدات، كورد مەحتەلی هەڵە لەكوردستانی ئێران.

*چاودێر: ئەگەر ڕووداوەکان، ڕوو لەگۆڕان بن، پێشبینی دەکەیت ئەمجارە کوردستانی ئێران جیاواز بێت لەشۆڕشی پێشووی گەلانی ئێران.*

*عەبدوڵڵا موهتەدی:* زۆر، ئەی ئەگەر وا نەبێت ئێمە چی دەکەین‌و ئەی خەڵك چی فێر بووە، لەم ماوەیەدا.

*چاودێر: جاران سیاسەتتان دەکردو ئێستاش هەر سیاسەت دەکەن، مەبەستم ئەوەیە لەڕوی بابەتیەوە ئاڵوگۆڕەکان جیاوازتر نابێت لەجاری پێشوو.*

*عەبدوڵڵا موهتەدی:* بێگومان، یەکەم لەو جیاوازیانە دەتوانم بڵێم: وشیاریەکی سیاسی هەیە، هەست دەکەیت خەڵك پێگەیشتووەو مافەکانی خۆیان ناسیوە، بەرچاویان ڕوونە، دەزانن چیان دەوێت، لەپرۆسەی شۆڕشی پێشوی ئێراندا، لەپرۆسەیەکدا وردە وردە خەڵك هەستیان کرد چیان دەوێ، ئێستا لەڕۆژی ئەوەڵەوە دەزانن چیان دەوێ، کەئەمە شتێکی گەورەیە، بێجگە لەوە مەسەلەی کورد لەئاستی جیهانییدا زۆر گۆڕاوە، خەڵك هەست بەهیوا و ئومێدێکی زیاتر دەکەن، پێیان وایە دنیایەك هەیە دادیان بپرسێ، وەك جاران دەنگیان کپ ناکرێ‌و بێدەنگ ناکرێن‌و بێکەس کوژ ناکرێن، مەسەلەی ئەزموونی کوردستانی باشور تەئسیری گەورەی هەیەو ئەو دەسکەوتانەی لێرە بەدی هاتون، لەوێ خەڵك بەدەسکەوتی خۆیانی دەزانن، پێیان وایە سەنگەرێکە لەخەباتی ئەوان کەئاوەدان کراوەتەوە.

*چاودێر: کۆتایی قسەکانم ئەمەوێ بەوە بێنمەوە، پێشبینی چی ئەکەی بۆ بزوتنەوەی چەپ‌و کرێکاری لەئێران یان لەکوردستان. پێشبینی سەردەمی مصدق‌و بەهێزی حیزبی (تودە)ئەکەی؟ پێشبینی ئەو پەرش‌و بڵاوییەی دوای سەرکەوتنی ئینقلابی ئێران‌و پاشەکشێی چەپ ئەکەی؟ پێشبینی ئەوە ئەکەی کەئەم جارەیان چەپ بەئەندێشەیەکی مۆدێرنترو ڕێکوپێك تر، بەئەزموون تر بێنە پێشەوە؟ یان پێش بینی ئەکەی هەروەکو عێراق ئەو بزوتنەوە چەپە ڕادیکاڵەی لەئێران خەوی پێوە ئەبینن، ڕەنگە ڕونەداتەوە؟*

*عەبدوڵڵا موهتەدی:* ئەگەر ئیزنم بدەی تەنیا یەك دێڕ زیاد ئەکەم لەسەر قسەکەی پێشوو، ئەویش مەسەلەی کورد لەئێرانە، بەهەموو ئەو قسانەشەوە من بەهەڵەی دەزانم کەبەرلەوەی گۆڕانکاری لەئێران بگاتە ئاستێکی دیاری کرا و، بەتەنیا کورد دەبێ شەڕی مان‌و نەمانی لەگەڵ حکومەتی کۆماری ئیسلامی بکا، کورد ئەبێ سیاسەتێکی ژیرانەی هەبێ، قۆناغەکان بناسێت، هەلومەرجەکە بناسێت‌و بەقەدەر توانای خۆی کار بکات. بەڵام بۆ ئێستا حیزبی تودە و، زۆرێك لەو حیزب‌و حەرەکەتە سوننەتیانەی پێشوی ئێران، پێم وا نییە تازە بەو ناوەو بەو کەسایەتیانە جێگەی پێشووی خۆی لەئێران بدۆزێتەوە.

حیزبی تودە هەر بەتەواوی ئیفلاسی کردووە، زۆر لەمێژ ساڵە و هیچ نییە، جەبهەی میللی ئێران ئەوانە من لەو بڕوایەدا نیم بتوانن بەناوی ئەو حیزبەوە کارێك بکەن.. بەڵام پێم وایە وەکو خەت‌و ڕێبازی سیاسی لەئێراندا ئەگەر ئاوای ناو بنێین میللی گەراییەکی لیبراڵی ئێرانی، ئەمە شانسێکی گەورەی هەیە. دووەمین شانسیش بەدوای ئەواندا پێم وایە چەپ هەیەتی لەئێران.

*چاودێر: کام چەپ؟*

*عەبدوڵڵا موهتەدی:* ئەو چەپەی کەناوی دەنێی چەپێکی ڕادیکاڵ، هەڵبەتە چەپێکی توندڕەوی بێ ئاگا لەهەموو ڕوداوەکانی جیهان و، چەپێکی دۆگماتیك، ئەوە هیچ شانسێکی نییە. بەتەواوی دەچێتە پەراوێزەوە، ئەوەندەی تریش کەچووە، من هیچ شانسێکی بۆ نابینم، حەز ناکەم کەسەکانیان بەو دەردە بچن، حەز ئەکەم چەپێکی مۆدێرنترو ئورۆپایی تر من مەبەستم ئەم چەپەیە، ئەگەر قسە لەسەر کورد دەکەین‌و کۆمەڵی کوردستان بناسێ خەسڵەتەکان بناسێ ئەرکەکانی خۆی جوان دیاری بکات بتوانێ پێشەنگی جوڵانەوەی دیموکراسی خوازی بکات. هەروەها تێکەڵاوی بکات لەگەڵ خواستی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی، چونکە ئێران لێوا و لێوە هەم لەئیستبداد و دیکتاتۆری، هەم ستەم‌و بێ عەداڵەتی کۆمەڵایەتی، لەبەرئەوەی مرۆڤ چۆن پێویستی بەئازادیش هەیە هەم دادیش هەیە.

چەپ دەیتوانی ئەو دوانە لێك هەڵپێکێ بەشێوەیەکی ئورۆپا بەدەرس وەرگرتنی لەئەزموونەکانی پێشووی ئەگەر وا بکات، من پێم وایە بەڵێ چەپیش لەئێران دەتوانێ زەمینەی هەبێ.

*چاودێر: بەقەدەر ئەوەی بزوتنەوەی شیعەگەرا لەئێراندا زۆر زۆر بەهێز بوو، توانی شۆڕشی گەلانی ئێران بقۆزێتەوەو زاڵ بێ بەسەریدا، ناتوانم بڵێم بەقەد ئەوە، بەڵام تۆزێك کەمتر لەوە، هەموو هێزە سیاسیەکانی ئێران هەڵەیان کرد، بە هەڵەکانیان یارمەتیەکی زۆری*

***بزوتنەوەی شیعەیان دا بۆ سەرکەوتن لە ئێراندا، گەورەترین دەرس چییە کە ئەبێ ئێوە وەری بگرن‌و پێویستە دوبارەی نەکەنەوە لەم ئاڵوگۆڕەی کەئێستا بەڕێوەیە؟***

***عەبدوڵڵا موهتەدی:*** جارێ من بڵێم کەخۆمان لەو هەڵەیەدا بەشدار نابینین. ئێمە پێش هاتنە سەر کاری (خومەینی) هەڵوێستمان بوو، سنوورمان هەبووە، هەروەها دژی هاتنە سەر کاری ئەو حەرەکتە بووین، لەحاڵێکدا زۆرێك لەچەپی ئێران لەژێر ناوی ئەوەی کەئەمە دژی ئیمپریالیزمە دژی ئەمریکایە ئەمریکا دوژمنی سەرەکییە، ئەو قسانە لەبیروباوەڕی ئێمەدا نەبووە، ئێمە چەپێکی سەربەخۆتر بوین، ئەو جۆرە چەپەی سەر بەئۆردوگای سۆڤیەت نەبووین، بە هەرحاڵ مەبەستم ئەوەیە لەهەڵەی هەڵسەنگاندنی ماهیەتی کۆماری ئیسلامی، هەڵەیەك کەیارمەتی ئەوە بدات کە ئەم حەرەکەتی ئیسلامی فێندامینتاڵیتسە لەئێران بێتە سەر کار ئێمە نەك تاوانێکمان نییە، بەڵکو زۆرمان هاوار کرد بەکردەوەش سیاسەتێکی ترمان بەڕێوەبرد، بەڵام چی لەوە دەکەی ئێران بەولادا رۆیی، دەنا خەتای ئێمە نەبوو، بەڵام نەك ئەوسا رەخنەمان لەچەپی ئێران بێ، من ئێستاش ئەو هەڵەیە دەبینم لەچەپی ئێراندا، ئەویش ئەوەیە کاتێك کەئەم حەرەکەتی ئیسلامییە لەئێران هاتە ئاراوە چەپەکان ئەو هەڵەیەیان کرد کەدەیانگوت چونکە حەرەکەتێکی دژی ئیمپێریالیستییەو بەحیساب ئیێمپێریالیستیش دوژمنی سەرەکییە، لەبەرئەوە قەیناکە هەرچی لەناو خۆی دەیکات. ئەو وەختیش بەعەقڵ‌و ئەزموونی ئەو وەختیشمانەوە قەسمان ئەوە بوو کە گرنگ ئەوەیە تۆ هێزێکی سیاسی پەیوەند لەگەڵ واقیعیەتی کۆمەڵگاکەی خۆتدا هەڵیسەنگێنی، بزانە چی دەکات‌و چی ناکات؟ بۆ ئازدی چی دەکات بۆ خەڵك چی دەکات؟ ئەم جارەش لەو کێشەیەدا بەتایبەت دونیای رۆژئاواو بەتایبەت ئەمریکا هەیەتی لەگەڵ ئێران، چەپ خەریکە توشی ئەو هەڵەیە دەبێتەوە.. راستە چەپەکان دژی کۆماری ئیسلامی سیاسیین، بەڵام من لەو بڕوایەدام وەها بەلایەوە گرنگە کەدژی دەست تێوەردانی رۆژئاوا بێ لەئێران، کە لەبیری دەچێتەوە کەمەسەلەی ئەسڵی گۆڕانی دەسەڵاتی سیاسییە لەئێران. هەموو کەس دەزانێ ئەمریکا بۆ بەرژەوەندی خۆی دێ. هەر کەس کلاسێکی لەسیاسەت خوێندبێ‌و پۆلی یەکەمی تەواو کردبێ، دەزانێ کەئەمریکاش و خەڵکی تریش بۆ بەرژەوەندی خۆیان دێن هەرواش کار دەکەن. بەڵام من لەو بڕوایەدام کە ئەم مەسەلەیەی کەعەرزم کردی چەپ دەبێ هەڵگری پرۆژەی دیموکراسی بێ لەئێران. چەپ لەمەسەلەی کێشەو ناکۆکی نێوان ئێران‌و رۆژئاوا دەبێ نوکی تیژی رەخنەی سیاسی خۆی بەسەر کۆماری ئیسلامی ئێراندا بدا.

***چاودێر: ئەگەر تێبینیتان کردبێ نامانەوێ لەکوردستانی عێراقدا هەڵەکانی ئەودیو بکەینەوە. نە چەپی ئەودیو تاڕادەیەکیش هێزەکانی کوردستانی ئێران. لێرە ئاشکرا گوتراوە ئەگەر لەعێراقدا حکومەتێکی ئاینی بسەپێ، کوردستان جیا دەکرێتەوە. هەرگیز نەچوینە ژێرباری ئەوەو لەدەستوری عێراقیشدا بەهەمان شێوە. ئەمە ئەزموونێکە بەڕاستی ئەتوانم بڵێم دەرسەکەی لەودیو وەرگیراوە.. کۆتایی قسەکانم دێمە سەرئەوەی پێشبینیت چییە لەو ئاڵوگۆڕانەی کەپرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە، یان هەر ئەگەرێکی ترکەپێش بینی بۆ بکەی بۆ ئێران، کەئاڵوگۆڕەکە چەندی بە بەرەوە ماوە؟***

***عەبدوڵڵا موهتەدی:*** بەڕاستی نازانم بەڵام هیوام ئەوەیە کە زۆری بەبەرەوە نەما بێت، هەست بەوە دەکەم تا ئەو جێیەی کەدەگەڕێتەوە سەر کوردستانی ئێران، هەروەکو باسم کرد، ئامادەی کەم نییە، بەڵام لەئاستی ئێراندا وا بزانم ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی جا چ ئەوەی لەدەرەوەیە، یان ئەوەی کە لەناوخۆی ئێرانە کەرەنگە بەشی کاریگەری ئەمەیان بێ، من وا دەزانم دەبێ لەیەك نزیك بنەوە.

***چاودێر: ئەمساڵ، ساڵێکی‌تر، چەند ساڵێکی‌تر ئاڵوگۆڕ ئەبێ. بەڵام هیچ ئامادەکارییەك لەنێوان ئێوە و حیزبی دێمۆکرات و حیزبەکانی تردا نییە، بەمانای رێکەوتنێك، بەرەیەك، دوور ونزیك هیچ لەئارادا نییە، هەست ناکەی ئەمە مەترسی هەبێ لەسەر ئاینده؟***

***عەبدوڵڵا موهتەدی:*** بەڵێ هەیەتی، ئێمە بارەها ئەم راستییەمان لەگەڵ سەرکردایەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران هێناوەتە گۆڕێ.. پێشنیارمان کردووەو سووربوین لەسەری کەپێکهێنانی بەرەیەك لەئێستادا و پێش ئاڵوگۆڕەکان، پێویستیەکی حەتمین، ئەگەر بمانەوی باشترین کەڵك لەئاڵوگۆڕەکان وەربگرین. پێمان وایە بەرەیەکی ئاوا دەتوانێ کاریگەری سایکۆلۆژیی گەورەی لەسەر خەڵکی کوردستانی ئێران دەبێ. دەتوانێ جێگە و پێگەی کورد لەناو ئۆپۆزسیۆنی ئێستای ئێرانی‌دا بەتەواوی بکاتەوە. دەتوانن کە فیدراڵی بچەسپێنن ئەگەر کورد خۆی یەکگرتوو بێ، بیکات بەخاڵێك لەخاڵەکانی پلات فۆرمی دیمۆکراتی داهاتوی ئێران. دەتوانێ کاریگەری

چاکی لەسەر ئوروپا و ئەمریکاو رۆژئاواو ناوچەکە هەبێ، ئەمە لایەنی ئیجابییەکەیەتی، بەو باریشیدا حساب بکەین ئەگەر نەبێ توشی کێشەی گەورە دەبین لەداهاتوی کوردستان. بەڵام بەداخەوە تائێستا نەمان توانیوە ئەو قەناعەتە بەحیزبی دێمۆکرات بکەین.

***چاودێر: ئەگەر ئەمریکا داوای گفتوگۆو رێکەوتن لەگەڵتان بکات قسەتان لێ کردووە؟***

***عەبدوڵڵا موهتەدی:*** بەڵێ، ئامادەین گفتوگۆی لەگەڵ بکەین، ئەمریکا هێزێکی گەورەی گۆڕانە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دوژمنی دوژمنەکەی ئێمەشە. ئێمە ئامادەین گفتوگۆی لەگەڵ بکەین بەکوێ دەگەین جارێ پێشبینیەکەی پێش وەختە.

***چاودێر: زۆر سوپاس کاک عەبدوڵڵا***

***عەبدوڵڵا موهتەدی: سوپاس***